# مەرگی پۆلیسی، مەرگی دۆمینیکانی و مەرگی مارکیزییانە

- خوێندنەوەیەک بۆ کرۆنیکای مەرگی ڕاگەیەندراوی سەردەشت -

نوسینی: بڕوا عەلادین

(هەمووان دەزانن کە کەسێک دەکوژرێت، بەڵام کەس هیچ ناکات بۆئەوەی نەکوژرێت)

گابرێل گارسیا مارکیز

پاش تێپەڕینی نزیکەی بیست پایز لەعومری پاتریارکەکانی ڕاپەڕین: بیست پایز خۆدارکاریکردن و شینی مازۆشیانە بۆ خۆڵەمێشی بابردوی دەسکەوتە وەهمیەکان، بیست پایز کاتکوشتن بەبراکوشتنەوە لەداخی قەرەبوونەکردنەوەی مەرگی باوکە سایکۆلۆژی و ئایدیۆلۆژییەکان، بیست پایز دژواریی هەڵکردن و ئاشتنەبوونەوەی دوو درندە - دڵداری سیاسی و دواجاریش مەحاڵی ڕەواندنەوەی گومان و خەیاڵە دۆنکیشوتییەکانی نێو کەللە و نەستیان، پاش ئەو هەموو تراژیدیا ئاکارییە، ئەمێستا دوچاری هێزێکی دەگمەنتر هاتوین کە لەخەیاڵی خۆیدا وەک یەزدان میهرەبانە و هەموو شتێک بەڕێنومایی یاسا دەکات، بەڵام لەڕاستیدا هێزێکە بە مەزاجە جەنگەڵییەکەی خۆی مۆراڵی شارنشینی دادگاییدەکات، لیژنەی وەهمی بۆ کەیسی واقیعی و سیاسی دادەنێت، سیخوڕ و ئەفسەر وەک داهۆڵ بەسەر هەر شورا و بانێکەوە قوتدەکاتەوە و دەزگاکانی زانیاری و ئاژانسەکانی پاراستن بەهێزتر، بەربڵاوتر، دەسکراوەتر دەکات.

ئەو هێزە کە دەمامکی فەریادڕەس دەپۆشێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دڵناسکتر و شوشەییتر، گرینۆکتر و بەبیانوتر دەبێت، هەر بۆیە بە بەردەوامی بە پێناسە و پۆلێنی ئەهریمەنییانە نیشانەمان دەکات و مۆری ئانارشیست و حەسود و ناپاکییمان لێدەدات. لەناکاو هەڵدەکوتێتە سەرمان و دەمانرفێنێت، کتوپڕ بە بونەوەری دەموچاوهەڵپێچراو گەمارۆماندەدات.. هەموو ئەوانەش نەک لەبەر بایەخ و گرنگیمان، بەڵکو تا ئاستی تۆقین و ڕادەی ملکەچیمان تاقیبکاتەوە، مەودای هەڵچوون و هەستیاریمان بپێوێت و کەی ویستی گەمە بە چارەنوس و غرور و هەبوونمان بکات. بەدیوەکەی دیکەشدا تاوەکو زیاتر لەدەستمانهەڵبێت، وەک ڕۆمانسییەکی تۆراوی هەستڕوشێنراو خۆی بنوێنێت، تا خێراتر لەنیگامان وونبێت و هەرچی زیاترە ئەدگار و سیما ڕاستەقینەکانی خۆی شاراوەتر و پەنهانتر بکات.

ئەڵبەتە لەو بیست پایزەدا زۆر حەشری سیاسی و قەسابخانەی ئاکاریی جەنگەکانی ناوخۆ و زیندانە پۆلاین و

نهێنییەکان شۆکیانکردووین، زۆر دراما و کارەکتەری دڵڕەق بۆ داپڵۆسین، بۆ کوشتنی هەستی نەیاربوون نائومێدیانکردووین، بەڵام لەو بیست پاییزە سوورەی خوێنڕشتندا بەدەستی ئەو فریشتە دەمامکپۆشانە، هیچ کام لەشانۆکان وەک گوناهی کوشتنی سەردەشتی ڕۆژنامەنوس هەقیقەتی ئەکتەرە سیاسیەکانی سەر تەختەی پایتەختی بێدەنگی بۆ دەرنەخستین! مەرگی ڕاگەیەندراوی نوسەرێک لەزاری خۆیەوە بەدەستی برایانی پایتەختنشین کە ڕاستەوخۆ مەرگی ڕاگەیەندراوی سانتیاگۆ نسارای گابریێل گارسیا مارکیزم بە دەستی برایانی ڤیکاریۆ بیردەخاتەوە. لەڕاستیدا مەرگی سەردەشت زۆر لەو مەرگە مارکیزییە ئاشکراتر و ڕاگەیەندراوتریشە کە لەڕۆمانی (کرۆنیکای مەرگێکی ڕاگەیەندراو) دا هەیە و هەر لەسەرەتاوە بکوژ و کوژراو، هۆکار و بەهانەکانی دەبینرێن، چونکە سەردەشت بە پێچەوانەی سانتیاگۆ نساراوە خۆی یەکەمین کەسە کە بۆنی مەرگی خۆی بکات و ڕاییگەیەنێت و کافکاییانەش چاوەڕوانی ڕودانی بکات.

سانتیاگۆ نسارا نە ڕۆژنامەنوس و نە دید و مەیلێکی سیاسی ئەوتۆی هەبوو، بێئەوەی لەڕاستیشدا هیچ تاوانێکی کردبێت و ئاگای لەو بۆسەیەش بێت کە بۆی نراوەتەوە، تەنها لەبەرئەوەی ئەنخێلا ڤیکاریۆی تازەبوک و خوشکی برایانی ڤیکاریۆ بەوە تۆمەتباریکردبوو کە گوایە کردوویەتی بە ژن، برا قەسابەکان (پێدرۆ و پابلۆ ڤیکاریۆ) بۆ کڕینەوەی شەرەفی بنەماڵەکەیان، پاش ڕاگەیاندن و جاڕدانێکی ئاشکرا بە سەرتاسەری ئەو گوندە کاتۆلیکیەدا، بێ هیچ سڵەمینەوە و دوودڵییەکی ئاکارییانە، بەرەبەیان هەڵیانکوتایە سەری و بە چەقۆ و کێردی بەرازسەربڕین لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دایاندوری و کوشتیان. بەڵام بکوژەکانی سەردەشت برایانی پایتەختنشین بوون، براگەلێک هەلقۆزەرەوە و بێپاساو، ئەو برا نابووتانە هیچ بیانوویەکی لۆژیکی و کردەگییان بۆ کوشتنی نەبوو، هەر بۆیە هەموو کارەکەیان وەک شانۆگەرییەکی مافیایی ڕێکخست: بە نمایشی گەلەکۆمەکێیەکی چەتەگەرییانە ڕفاندیان، لەشارێک کوشتیان و لەشارێکی دی تەرمەکەیان فڕێدا و دواجاریش بێئەوەی کەس بیانناسێتەوە تیمساحییانە لەشین و پرسەکەیدا دانیشتن و گریان.

ئەڵبەتە چواندنی مەرگی سەردەشت بە مەرگی سانتیاگۆ نسارا لەبەر لێکچوونی ڕووداوەکە و پاڵەوانەکانی نیە، بەڵکو لەبەر نیشاندانی هاوشێوەیی سترەکتورە سۆسیۆ ـ سایکۆلۆژییە شاراوەکەی پشتی هەردوو تاوانەکەیە کە ئەنگێزە و مۆتیڤی بەمۆدەکردنی نەریتی چاوپۆشی و بێدەنگی و خۆگێلکردن لەمەرگ دەیزوێنێت، کەشفکردنی ئەو ژینگەیەیە کە ڕێگە بۆ مەرگ خۆشدەکات، چاوەڕێدەکات ڕووبدات، دەخوازێت ببێتە دیمەنێکی ڕاستەقینە و مرۆڤ ناچاردەکات وەکچۆن تەماشاچییەکی سادیست لەفیلمێکی ترسناک دەڕوانێت، بە تۆقیوی سەیری وردودرشتی ڕوداوەکانی بکات و دواجاریش هەوڵبدات بێ هیچ هاوسۆزییەک بۆ قوربانییەکانی ناوی وەک خەونێکی ترسناک لەبیرییباتەوە و لەخەیاڵی

خۆی دەربیکات.

ئەگەر یەکێک لەمەرامەکانی مارکیز لەڕۆمانەکەیدا پەردەهەڵماڵین بێت لەسەر بونیادی بێدەنگیکردن لەمەرگ وەک دەرکەوتەیەکی واقیعیانەی کولتور و زەمینەی کۆمەڵایەتی سیستمە دیکتاتۆرییەکانی ئەمریکای لاتینی، ئەوا کرۆنیکای مەرگی ڕاگەیەندراوی سەردەشتیش هەمان خەسڵەتی سایکۆلۆژیای بێدەنگیلێکردنمان لەکولتوری کوردیدا و بەتایبەت لەزۆنی بوژاوەی برایانی پارتیدا بۆ دەردەخات، ئەوەمان پێدەڵێت کە ئارەزووی برایان بۆ گەورەنەکردن و نەوروژاندنی پرسیاری مەرگی سەردەشت لەبەر سالارکردنی دیکتاتۆریەت و بەخشینی ڕەوایەتیە بە مۆراڵی چاوپۆشی و بێدەنگیکردن لەمەرگ، مۆراڵێک کە مارکیز لەمۆدێلە کۆڵۆمبییەکەیدا زۆر بە وردیی لەڕێگەی کەمتەرخەمی و گاڵتەچێتی گوزەری قەسابەکان و ڕەفتاری نابەرپرسانەی کۆلۆنێل لاسارۆ ئاپۆنتێوە سەرنجمان بۆی ڕادەکێشێت، لەکاتێکدا کۆپی کوردانەی ئەو مۆراڵ و سایکۆلۆژیای خۆگێلکردنە لەمەرگ، لەپاسیقی و خەمساردی کەسایەتی ڕاگری کۆلێژ، پاسەوان و زێرەڤان، بەڕێوەبەری پۆلیس یاخود وەزیری ناوخۆدا بەرجەستە دەبێت، مۆدێلی مرۆڤێک کە مەرگ بە جیدی وەرناگرێت، لەسەری هەڵنایەت و نایهەژێنێت، نە بەر بە ڕوودانی دەگرێت و نە کار بۆ وەستاندنیشی دەکات، بەڵکو پشتگوێیدەخات و بە ئەجەلێکی یەزدانی دەزانێت، بە ڕۆتینێکی ئاسایی کە دەشێت چەند جارێکی دیکەش هەر دووبارە بێتەوە و بۆ هەتاهەتایە هەر بەردەوامبێت.

واپێدەچێت شۆک و هیستریاکەی برایانی پارتییش لەسەر وروژاندنی مەرگی سەردەشت هەر لەبەر ئەم هۆیە بێت، فۆبیایەک بێت لەسەرهەڵدانی ئەو بەهاگەلە نوێیەی کە دەیەوێت هەرەس بە پایەکانی ئەو کولتوری خۆگێلکردنە لەکوشتن و ئەو بە جیدی وەرنەگرتنەی مەرگ لەخەیاڵدانی سیاسی کوردیدا بهێنێت، کە خوازیارە تەوقی پیرۆز و ئەستوری ئەو بە ئاساییوەرگرتن و بەنوکتەکردنەی  هەڕەشەی مەرگ بۆ سەر مرۆڤ تێکبشکێنێت.

هەوڵدان بۆ وەلاخستن و چەپاندنی کرۆنیکای مەرگی ڕاگەیەندراوی سەردەشتی ڕۆژنامەنوس و زۆر لەو کەیسانەی دیکەش کە لەڕابردوودا خراونەتە تابوتی فەرامۆشییەوە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە پاش زیاتر لە نیو سەدە بانگەشەی دیموکراتی، پرسیاری مەرگ لای برا دیموکراتەکانی پارتی هەرگیز نەبووەتە پرسیارێکی ئەخلاقی و وەک دۆخێکی ئۆنتۆلۆژی مرۆڤەکان نەبینراوە، وەک قەیرانێکی قوڵی بەهای کولتوری و ژیاریی کۆمەڵگەی کوردی بە هەند وەرنەگیراوە! برایانی پارتی لەکوێدا مەرگیان بۆ نەگۆڕدرا بێت بە کۆستی ئایدیۆلۆژی و خێزانی و حیزبی ، ئەوا دەستبەجێ ڕووبەری شۆکە سۆسیۆ ـ سایکۆلۆژییەکانیان بچوککردۆتەوە، مانا و دەلالەتەکانیان تەمومژاویکردوەو لەقەفەزی قەدەرێکی یەزدانیدا دیلیانکردوە، تەنات لەسەخییترین دۆخی ویژدانییشیاندا (ئەگەر هەیانبوویێت) کردویانەتە نهێنی و تەلیسمێکی کریمیناڵی و لەشکرێک شارلۆک هۆلمزی وەهمیان بۆ دروستکردوە. ئەم مامەڵە پۆلیسییە لەگەڵ

مەرگدا بە ئاشکرا لەکەیسی تاوانی مەرگی سەردەشتدا دەردەکەوێت.

مەرگی سەردەشت کە یەکپارچە بارگاوییە بە گومان و دەلالەتی سیاسی، لەجیهانی برایانی پارتیدا زۆر ئاجاسا کرستییانە مامەڵە دەکرێت و وەک ڕۆمانێکی پۆلیسی لێدێت: سەرەتاکەی بە ئەنجامدانی تاوانێک دەستپێدەکات، تاوانباران نادیارن و کاتێکی زۆرمان بە گێڕانەوە و پشکنین و دۆزینەوەی بەڵگە و جێپەنجە و سەرە داوەکانەوە پێدەکوژرێت، بە ئومێدی دیاریکردن و دەستگیرکردنی تاوانبارەکە دەمانبات و دەمانهێنێت، بە شێوەیەکی زۆر بێزارکەر سەرقاڵمان دەکات کە دەشێت چەند ساڵێک بخایەنێت و دواجار دەرەنجامەکەیشی مژدەبەخش نەبێت ( ڕەنگە باشترین بەڵگەشمان بۆ نمونەی ئەم سەرد و مامەڵەکردنە پۆلیسیە لەگەڵ کەیسی کولتوری و سیاسیدا تەپوتۆزلێنیشتنی دۆسیەکەی ڕۆژنامەنوسی تیرۆرکراو سۆرانی مامە حەمە بێت)!

بەداخێکی زۆرەوە کە هەموو ئەزموونەکانی ڕابردوو، هەرەوها هەموو ئەو ئاماژانەی سەرەوە ناچارماندەکەن کە بڵێین مەرگی سەردەشت مەرگێکی دۆمینیکانی ڕووتە، هەڵقولاّو و دەرهاویشتەی هەناوی سیستمێکی دیکتاتۆری هاوشێوەی سیستمەکەی تریخیلیۆیە لە ڕۆمانی (ئاهەنگی سابرێن) ی ماریۆ پارگاسدا. پارگاس لەو ڕۆمانەیدا کە بۆ خۆی نوسینەوەی مێژووی سی و یەک ساڵ تاوان و دیکتاتۆریەتی ئەو سابرێنە دۆمینیکانیەیە، چەند بەشێکی تەرخانکردووە بۆ ئاشکراکردن و هەڵوەستە لەسەر ئەو هەڕەشە و تاوانی مەرگانەی جەنابی ژەنرالیسمۆ تریخیلیۆ دژ بە نوسەرە نەیارەکانی سیستمە دیسپۆتییەکەی ئەنجامیداون، بەتایبەت ڕفاندنی مافیاییانەی نوسەری باسکی خیسۆس دی گالەندێس بە بێهۆشکراوی و هێنانی بە نیوەمردوویی بۆ بەردەستی و دواجاریش کوشتنی لەمەزرا تایبەتیەکەی خودی تریخیلیۆدا، هەموو ئەو بەزمەش تەنها لەبەرئەوەی بە چەند هەفتەیەک لەوەوبەر گالەندێس کتێبێکی لەسەر دزێوی و گەندەڵییەکانی سیستمە سیاسیەکەی تریخیلیۆ نوسیبوو. ئەڵبەتە پاش ئەو هەرا میدیاییەی لەسەر کەیسەکەی گالەندێس دروستدەبێت، تاکە ڕێگایەک کە تریخیلیۆ بۆ داخستنی ئەو کەیسە و کپکردنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی هەڵیدەبژێرێت ئاشکراکردن و دادگاییکردنی ئەو تۆڕە جەللادە نیە کە کارەکەیان ئەنجامداوە، بەڵکو کوشتنێکی درامی و سیستماتیکییانەی یەک بە یەکی تاقمە بکوژەکەیە بە تۆمەت و بیانووی ئاکاریی جیاواز جیاواز تاوەکو کۆتایی بەو سەرئێشە و پەشۆکانە بهێنێت کە خەریکە زەمینەی سیاسی کۆمارەکەی دەلەرزێنێت، هەمان ئەو سەرئێشە سیاسی و پەشۆکانە مۆراڵییەی لەئاست مەرگە دۆمینیکانییەکەی سەردەشتی ڕۆژنامەنوسدا پایتەختی تاساندووە و نیشانەکانیشی زۆر بەڕوونی بە سیما و زمانی زۆر بەچکە سابرێن و برێکی زۆر لەدیماگۆگەکانی کولتوری کوردییەوە دەبینرێت.

لەکۆتاییدا هیوادارم ئەو خوێندنەوە شیکارییەی من هەڵەبێت، هیوادارم دەمێک بێت حیکایەتی توندوتیژی دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر ڕۆژنامەنوس و ڕۆشنبیران کۆتاییهاتبێت و من ئاگام لێ نەبووبێت. وەکچۆن هیواداریشم سوربوون

لەسەر کەشفکردنی ئەم تاوانە سەرەتای کۆتاییهاتنی سیستمی بۆماوەی دادگای شۆڕشی بەعسیزم و لەدایکبوونی دادگایەکی مرۆیی سەربەخۆی ناسیاسی بێت، بەڵام دادگایەک نا هاوشێوەی ئەو دادگا خەمسارد و نەفەسکورت و کاتییەی لەڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بۆ سەمیری بابلی سازدەکرێت، دادگایەک کە لەڕێگەیەوە بەختیار عەلی پەردە لەسەر ڕیشە قوڵەکانی ئەو بە جیدی وەرنەگرتنەی مەرگ و نەپرسینەوە لەبکەرەکانی وەک یەکێک لەخەسڵەتە مێژوویی و سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی کورد هەڵدەماڵێت.

تێبینی: ئەم وتارە پێشتر لەڕۆژنامەی (ئاوێنە) بڵاوکراوەتەوە.

Printed with a Demo of Nisus Writer Pro
Printed with a Demo of Nisus Writer Pro